## هە تا مردن خۆشمدەوێی. . . . . ئەیوب گەلاڵی



لە یادتە. . .
یە کەم (مەسەج) کە بۆم ناردوی
تیام نوسیبوو. .
(دە زانی زەریا چەند قوڵە
هێندەی قولایی زە ریاکان
خۆشم دەوێی) (1)
لە بیرت دێ. . .
یە کەم دیدار. . . .
لە رۆژێکی وەرزی بە هار
کە بینیتم
دووبارە پێم گوتییەوە:
(هێندەی بەرینی بیابان
خۆشم دە وێی. .
هێندەی بەرزایی چیاکان
خۆشم دەوێی) (2)
ئە مجارەیان. . . . .
لە جێی ژووان. .
لە وساتانەی هە ردووکمان
هە ناسەبڕکێ بووین و
خورپەی دڵمان
لە خێرا بوون نە دەوەستا. .
لە ودەمانەی. . رابردوومان
بوو بە ئێستا. .
دیسان گوتم:
هۆ پەریخان. .
ئەی شۆڕە ژن
کیژی جوان
خۆشم دە وێی. .
بڕوا بکە. . .
لە ژینی خۆم. . .
لە بوونی خۆم
خۆشترم دە وێی.
نازانم. . . نا. .
لە بەرچی بوو خۆشم ویستی
لە پای چی بوو
بە رۆژوو شەو دەمپەرستی. . .
هۆ (زین) ی من. .

هە تامردن
تا ئەو ساتەی گیان دەردەچێ
تا ئەو كاتەی گوڵی تە مەن
رۆئەچی
دڵنیابە..
من هەر ئەو (مەم) ەی جارانم
خۆشم دەوێی
بڕوابكە..
لە ژینی خۆم..
لە بوونی خۆم...
خۆشترم دە وێی..

هە ولێر
2005/9/16

2، 1- دوو كۆپڵە شیعری شاعیرو نووسەر (حە مە سەعیدحەسەن) ن. هونەرمەندی گەورە (خالیدرەشید) كردونیەتی بە گۆرانی.